گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دەسەڵاتدارێتیی ڕەگەزیی لە زمانی کوردیدا

**ئالان محمد اورحمان**
بەشی گەشتوگوزار، کۆلێجی بازرگانی، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عیراق
Alan.awrahman@univsul.edu.iq

**فەرهاد تۆفیق حسن**
بەشی وەرگێڕان، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عیراق
Farhad.hasan@univsul.edu.iq

**یارا قادر حمد**
بەشی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هە رێمی کوردستان، عیراق
yara.qadir@koyauniversity.org

## پوختە

توێژینەوەکە بەناونیشانی (دەسەڵاتدارێتیی ڕەگەزیی لە زمانی کوردیدا)ەو باسکردنە لە دەستبەسەرداگرتنی زمان و سەپاندنی دەسەڵاتی ڕەگەزیی پیاو بەسەر زماندا بۆ ئەم مەبەستە، توێژینەوەکە بەسەر دووبەشدا دابەشکراوە، لە بەشی یەکەمدا لەدوتوێی سێ پاردا، بەشێوەیەکی تیۆری باسمان لە بەڕەگەزبوونی زمان و دەسەڵاتی پیاو لە زماندا کردووە. ئەو هۆکارانەمان خستوەتەڕوو، کە دەبنەهۆی بەڕەگەزبوونی زمان، هەروەها ڕەگەزمان وەک پێکهاتەیەکی کەلتووری باسکردووە، ئەوەمانخستووەتەڕوو،کەڕەگەز دیاردەیەکی کەلتووری و کۆمەڵایەتییە نەک دیاردەیەکی بایۆلۆژی و بۆماوەیی، هاوکات ئەوەمان ڕوونکردووەتەوە، کە چۆن ڕەگەزیی نێر توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی لە بواری نووسین و قسەکردندا بەسەر زماندا بسەپێنێت. بەشی دووەمی توێژینەوەکەش، کە بەشی پراکتیکی توێژینەوەکەیە، لە سێ پاردا، نمونەمان لە سەر ئاستی فەرهەنگ و وشەو ئاستی ڕستەو ئاستی واتا لەزمانی کوردیدا هێناوەتەوە، کەدەرخەری دەسەڵاتی پیاون لەزمانەکەدا .

## زانیارییەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٩/٣٠
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٢/٢١
بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**وشە سەرەکییەکان**
*Language and gender, Gender discrimination, Cultural gender subversion, Genderizing Language. Sexism in Language, Gender Domination and Sexism in Language*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.4.20

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دواتر ئەو ئەنجامانەمان نووسیووە ،کە لە توێژینەوەکەدا بەدەستهاتوون ، لەکۆتایشدا ئەو سەرچاوانەمان ئاماژەپێداوە ، کەسودمان لێوەرگرتوون.

## 1. پێشەکی:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (دەسەڵاتداری ڕەگەزیی لەزمانی کوردیدا)، بەواتا لەتوێژینەوەکەدا کار لەسەر هێز و دەسەڵاتی ڕەگەزی نێر ومێ دەکەین لەزمانی کوردیدا. بەوپێیەی کە کۆمەڵی کوردی تا ئێستا ئاماژەو نیشانەی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری تێدایە، بۆیە گریمانەی توێژەنەوەکەمان بریتییە لە ڕەنگدانەوەی ئەم دابونەریتە کۆمەڵایەتییەو دنیابینییەیە لەناو زمانەکەمانداو لەتوێژینەوەکەمندا هەوڵی سەلماندنی ئەو گریمانەیە دەدەین. گرنگی توێژەینەوەکەش لەوەدایە، دەبێتە داتاو زانیارییەکی گەنگ و بنەمایەکی کارکردنی باش بۆ ئەو ڕێکخراو و لێکۆڵینەوە زانستییە کۆمەڵایەتییانەی، کە کار لەسەر نەهێشتنی جیاوازی جێندەری دەکەن. لە توێژینەوەکەماندا ڕێبازی وەسفی شیکارییمان لە دیاریکردن وشیکردنەوەی کەرەستەکاندا کردووە، کەرەستەی توێژینەوەکەشمان بریتییە لە زمانی کوردی، کرمانجی ناوەڕاست. توێژینەوەکە بەسەر دووبەشدا دابەشکراوە، لە بەشی یەکەمدا بەشێوەیەکی تیۆری باسمان لە بەرەگەزبوونی زمان و دەسەڵاتی پیاو لە زماندا کردووە. ئەم بەشە بەسەر سێ پاردا دابەشبووە، لە پاری یەکەمدا باسمان لە بەرەگەزبوونی زمان کردووە و ئەو هۆکارانەمان خستۆتەڕوو، کە دەبنەهۆی بەرەگەزبوونی زمان، لەپاری دووەمیشدا ڕەگەزمان وەک پێکهاتەیەکی کەلتووری باسکردووە، ئەوەمان دەرخستووە، کەڕەگەز دیاردەیەکی کەلتووری و کۆمەڵایەتییە، نەک دیاردەیەکی بایۆلۆژی و بۆماوەیی، لەپاری سێیەمیشدا باسمان لە دەسەڵاتدارێتی ڕەگەزیی کردووەو ئەوەمان ڕوونکردووەتەوە، کە چۆن ڕەگەزی نێر دەتوانێت دەسەڵاتی خۆی لە بواری نووسین و قسەکردندا بەسەر زماندا بسەپێنێت. بەشی دووەمی توێژینەوەکەش، کە بەشی پراکتیکی توێژینەوەکەیە، کە تێیدا نمونەمان لە ئاستەکانی زماندا هێناوەتەوە، کەدەرخەری دەسەڵاتی پیاون لەزمانی کوردیدا بۆ ئەم مەبەستەش ئەم بەشە بەسەر سێ پاردا دابەشکراوە لە پاری یەکەمدا باسمان لە دەسەڵاتی پیاوکردووە لە ئاستی وشەو فەرهەنگدا بەشێک لەو نمونانەمان باسکردووە، کەدەسەڵاتی پیاو تێیدادەردەکەوێت. لەپاری دووەمیشدا باسمان لە دەسەڵاتی پیاوکردووە لە ئاستی ڕستەو دەربراوەکانداو چەند حاڵەتێکی دەسەڵاتدارێتییمان بە نمونەوە دیاریکردووە. لەپاری سێیەمیشدا دەسەڵاتیدارێتیی ڕەگەزیمان لە بواری واتادا دەرخستووە باسمان لەو بوارانەکردووە، کە دەسەڵاتدارێتی ڕەگەزیی تێدا ڕەنگدەداتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1/1) بەڕەگەزبوونی زمان

یەکێك لە بابەتە هاوبەشە زۆر سەرنجراکێش و بەکارهاتووەکانی بواری زانستی زمانی کۆمەڵایەتی ئەو لێکدانەوانەیە، کە تایبەتن بە پەیوەندی زمان و ڕەگەزەوە. کە لە زمانی کوردیدا لێکۆڵینەوەی کەمتر لەم بوارەدا ئەنجامدراوە. لەم بوارە زانستییەدا پەیوەندی نێوان زمان و ڕەگەز لەگەڵ سیاسەتگەلی زمانی تایبەتدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، کە ریشەی لە کەلتوور و دابونەریتی کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە. لێکدانەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ڕەگەزاوییبوونی زمان یەکێکە لە لێکۆڵینەوە نوێیەکان لە تەواو جیهاندا. هەر لەم بارەیەوە دەتوانین بڵێین دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان زمان و ڕەگەز یەکێکە لە بابەتە پێویست و دڵخوازەکانی زۆرێک لە زمانناسان و کۆمەڵناسەکان، کە دەیهێننە سەر توێژینەوەی ڕەگەز، بە تایبەت لە بواری پەیوەندی نێوان زمان ودەسەڵات و ڕەگەزدا.

فێرکلاف لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی "زمان و هێز"دا دەڵێت کە: ئامانجی لێکدانەوەی زمان زیاتر، زانیارییپێدانە بەرانبەر بە هێزو زمان بە تایبەت چۆنیەتی دابەشکردنی هێز لە نێوان کەساندا. واتە لێکدانەوەی زمانیی، هاندەری تاکە بۆ ئەوەی زانیارییان هەبێت سەبارەت بەو زانست و بیرۆکانەی، کە لە سەروی زماندا هەن و پێکهاتەی پەیوەندییە مرۆییەکان ئاشکرادەکەن. (پاک نهاد جبروتی،مریم:1381: 53)

ئەڵبەت کێشە ناوبراوەکان لە هێزو زماندا تەنها لێکدانەوەی ئەم کێشە ناکەن، کە پیاوان زاڵبوونیان لەسەر ژنان هەیە بەڵکو ژنان و پیاوان لە چوارچێوەی سنووری زمانی و بیرۆکەییەکانی خۆیاندا یەکتری دەناسن و سەبارەت بە یەکتری باسدەکەن.

فێرکلاف لە کتێبی زمان و هێزدا باوەڕی وایە، کە گروپە کۆمەڵایەتییەکان (کە لێکدانەوەی پلەی کۆمەڵایەتی، قەومییەت، ڕەگەز و یا زمان دەکەن) بۆ وەرگرتن و پاراستنی هێز ناچارن هەمووکات لەگەڵ یەک لە شەڕ و ململانێ و دژایەتیدا بن وەکو ئاسوودەیی و یا توندوتیژی بەردەوام دەخولێتەوە. لە ڕاستیدا ئەم دژایەتییە، کە دەبێتەهۆی گۆڕین و وەرچەرخانی بەشەکی و بونیادیی، لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکاندا. زمانیش یەکێك لە بوارەکانی ئەم دژیەکییە، چونکە گروپە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵدەدەن، کە بە کونترۆڵکردنی زمان، هێزی خۆیان بسەپێنن و لەم دژایەتییەدا کونترۆڵی زمانی پاداشتێکە بۆ ئەو گروپە کۆمەڵایەتییە بەهێزانەیە، کە زمان دەخەنە ژێر کونترۆڵی خۆیانەوە. (پاک نهاد جبروتی،مریم:1381: 53)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو کونترۆڵە زمانییەی، کە فێرکلاف لەبەرچاویگرتووە، لە "زمانی بەڕەگەزبوون"دا ڕەچاودەکرێت. لە ڕاستیدا بەڕەگەزبوونی زمان ڕێگەیەکی باش و گونجاوە بۆ کونترۆڵی زمان بە دەستی گرووپە باڵاترەکانەوە.

بەم پێیە ڕێساو ڕیگای هێزو دەسەڵات لەسەر ناپاکسانی ڕەگەزیی جێگایەکی فراوانی گرتووە لە بەکارهێنانی زمانداو کاریگەری بەجێدەهێڵێت. (کراچی. روح انگیز ،١٣٩٤: ٢٣٦)

تێرلینگ براگین بەم شێوازە پێناسەی بەڕەگەزبوونی زمانی دەکات: "زمانێك ڕەگەزاویی بووە، کە بەکارهێنانی جیاوازیەکی بێئەدەبانە یان نادروست و نایەکسانانەیە لە نێوان ڕەگەزە *جۆراوجۆرەکاندا، دروستبکات و بڵاویبکاتەوە".(پاک نهاد جبروتی،مریم:1381: 53)

لەم پێناسەیەدا زمان بە هۆکارێکی کەلتووری ئەژماردەکرێت، کە دەتوانێت حاڵەت و سنوورگەلێك بۆ کەلتوور دروستبکات، سیفاتە بەکارهێنراوەکان لەم پێناسەدا "بێئەدەبانە یا بێ پەیوەستەگی"یە، کە هەموویان بە سیفەتی نەرێنی بەکاردەهێنرێن. کەواتە دەتوانین بڵێین بەگشتی زمانی بەڕەگەزبوو بەهۆکار و پاڵنەرێکی ئاسایی و کەسی نییە. لە ڕاستییدا ئەوەی، کە زمان ڕەگەزاویی دەکات، ئەو ئاکامە نەرێنییانەیە، کە لە کۆمەڵێکدا هەیە.

ئەڵبەت کەلتووریش بەشی خۆی کاریگەری لە بەڕەگەزبوونی زمانییدا، هەیە و ئەویش ئەو ڕۆڵەیە، کە زمانی بەڕەگەزبوو بە ناو دووپاتکەرەوەی کەلتووری ڕەگەزیی لەگەڵ خۆیدا هەیەتی. بە واتایەکی تر زمانی بەڕەگەزبوو، کەلتوورێك گەشە پێدەدات، کە بەپێی بوونی هەندێک پرۆسە تیایدا، ڕەگەزێك لە پلەیکی باڵاتر لە ڕەگەزێکی دیکە، دادەنێت و هێزی خۆی پشاندەدات، زمانی بەڕەگەزبوو، دەتوانێت کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆمەڵ و کەلتووری دەوروبەری خۆی دابنێت، دەتوانین لە خوارەوە ئاماژەی پێبکەین:

بەڕەگەزبوونی زمانیی بەو ژنانەی، کە لەم کاردانەوە بەرانبەرە زمانییەدا بەشدارییانکردووە و هەستبەوە دەکەن، کە لە بەرچاونەگیراون، هەستی بێگانەبوون و دابڕان پەرەپێدەدات.

ڕەگەزاوییبوونی زمانیی یەکێکە لەو هۆکارانەی، کە توانای هەیە ببێتەهۆی ئەوەی، کە ژنان شێوازێکی نەرێنی و کلێشەیی لە خۆیان بڕوانن و لە ئاکامدا کاریگەری دابنێت لەسەر چاوەڕوانییەکانی پیاوان لەگەڵ خودی ئەوان و لەوەی کە شایەنی ژنە.بەڕەگەزبوونی زمانیی هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە ژنان

بەشێوەیەکی نەرێنی و کەم لەخۆیان بڕوانن، دواجاریش پیاوان ئەو بەکەمزانینەیان بەڕەواو شایەنیان بزانن. (کراچی ، روح انگیز ١٣٩٤: ٢٣٧)

سەرەرای ئەم لایەنانە ڕەگەزاوییبوونی زمانی کاریگەری خراپ و تێکدەرانە لە سەر تاک و کۆمەڵ دادەنێت، بە بڕوات (میلز) ڕەگەزاوییبوونی زمانیی، دەتوانێت کاریگەری خراپ لە سەر کۆمەڵ جێبهێڵێت، بەتایبەت لەسەر گروپە نزم و بێدەسەڵاتەکان.( مقدم ,نادیا غضنفری ، شریفی،دکتر آزاده ، فراشبندی رضا :2013: 8)

## 2/1) ڕەگەز وەک پێکهاتەیەکی کەلتووری:

لە نێو ئەو بابەتانەی، کە سەرنجی لێکۆڵەرەوانی بواری کۆمەڵناسی ڕاکێشاوە بابەتی کەلتووری ڕەگەزییە، ئەم چەمکە ئاماژە بەوە دەدات، جیاوازییە بایۆلۆژییەکانی نێوان ژن و پیاو بنەمای جیاوازی کۆمەڵایەتی نێوان ژن وپیاو نییە،بەڵکو سیستمی پەروەردەیی و کەلتووری کۆمەڵگا مرۆییەکانن ژن و پیاو وەک دوو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی پەروەردەدەکەن و لە ڕێگەی ئەوەوە سیستمی پیاوسالاری بەرهەمدێت.(فکوهی: 1383: 70)، بەواتایەکی تر ڕەگەز(gender) نوێنەرایەتی ئەو تایبەتمەندیانە دەکات، کە لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیبووندا دەگەڕێندرێنەوە بۆ ژن و پیاو و بە پێچەوانەی ڕەگەز "sex"ەوە، بەگشتی بنەچەیەکی بایۆلۆژی نییە و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بنیاتی دەنێت و بەسەر مرۆڤەکاندا دەیسەپێنێت. ڕۆڵی ڕەگەزیی ژنان بە درێژایی مێژوو گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. دەرئەنجامی ئەم گۆڕانکارییانەلە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا، پشتڕاستکردنەوەی پێگەی ژنانە وەک بوونەوەرێکی کەمترلە پیاوان نیشاندراون. ژنان وەک ڕەگەزیی دووەم پێگەی خۆیان لاوازکردووە بەم چەشنە لە پێکهاتە کولتوورییەکانی کۆمەڵگا پیاوسالارەکاندا جێگیر بوون و ژن وەک ڕەگەزێکی لاواز وێنا دەکەن.( زراعتپیشه، رویا، ورنامخواستی عباس شیری ، آبادی ،علیحسین نجفی ابرند، جانکی ،فیروز محمودی: 1399: 151)

لەبەر ئەوە لە پێناسەکردنی چەمکی کەلتووری ڕەگەزیی پێویستە بڵێین ئەم چەمکە ئاماژەیە بە پرۆسەیەکی پەروەردەیی، کە جۆرێک لە کەلتوور بەرهەمدێنیت، کە ئەم کەلتوورەش شێوەو ڕەفتار، چاوەڕوانی ومەبەستە جیاوازەکان بۆ ژنان و پیاوان پێناسەدەکات، لە ئەنجامیشدا تێڕوانینی تاک و کۆمەڵ بۆ هەر بابەتێک لەگەڵ دوو لایەنی ژن و پیاو بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

کەلتووری ڕەگەزیی گرنگترین بابەتی ئەم بەشەی ئێمەیەو بۆ زیاتر ئاشنابوون و ڕوونکردنەوەی ئەم چەمکە سوود لە هەردوو چەمکی کەلتوور و رەگەز وەردەگرین و هەریەکێک لەم دوو چەمکە بە جیا باسدەکەین.

سەرەتا چەمکی کەلتوور باسدەکین بە پێناسەیەکی (تیلۆر) بۆ کەلتوور دەستپێدەکەین، کە دەڵێت: (( کەلتوور بریتییە لە کۆمەڵێک بەهاو ڕەفتار،کە بەرهەمی مرۆیین، تەنانەت بابەتی مادی و هونەری لەخۆ دەگرێت، کە مرۆڤ وەک ئەندامێک لە کۆمەڵگادا فێرێن دەبێت)) ( فکوهی: 1383: 72).

کاتێک کۆمەڵناسان دەربارەی کەلتوور قسە دەکەن مەبەستیان ئەولایەنانەیە، کە لەلایەن کۆمەڵی مرۆییەوە بەدەستیدەهێنن، نەک ئەولایەنانەی، کەبەشێوەی بایۆلۆجی و بۆماوەیی بۆیان بەجێدەمێنێت، کلتووری کۆمەڵگاش هەم لایەنی نابەرجەستەیی لەخۆدەگرێت وەک بیروبۆچوون و باوەڕ و دنیابینی، کە ناوەرۆکی کەلتوور پێکێنن، هەم بابەتی بەرجەستیی لەخۆدەگریت وەک کەرەستە مادییەکان یان تەکنەلۆژیا،کەنوێنەرایەتی ناوەرۆکی کلتووری کۆمەڵگا دەکەن.

پێوەرو بنەماکان بۆ ڕەفتاری کەسەکانن، کە بەهاو نرخی کەلتوور تێدا ڕەنگدەداتەوە، بەهاو پێوەرەکان لەپاڵ یەکتریدا چۆنیەتی ڕەفتاری ئەندامی کلتوورێک لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا نیشاندەدات. ( گیدنز:١٣٨٧: ٣٥) بەها و پێوەرەکان یەکێکن لە گرنگترین پێکهاتە کەلتوورییەکانی هەر کۆمەڵگایەک و بۆ ئەوەی لە کولتوری هەر کۆمەڵگایەک تێبگەیت، سەرەتا دەبێت سەرنجیان بدەین. کێڤن بەهاکان وەک پێوەرێک بۆ حوکمدانی ئەخلاقیمان سەبارەت بە کردارەکانی مرۆڤ دەناسێنێت، کە گرنگترین بەش لە کولتوری کۆمەڵگا پێکدەهێنن پەیوەندییەکانی کرداری کۆمەڵایەتی ڕێکدەخات، زۆرینەی کۆمەڵگا پابەند دەبێت پێیەوە و ئەگەر مرۆڤێک پێیەوە پابەند نەبێت، ڕووبەڕووی کاردانەوەی کۆمەڵگا دەبێتەوە.( .( زراع تیپشە، رویا، ورنام خواستی عباس شیری ، آبادی ،علیحسین نجفی ابرند، جانکی ،فیروز محمودی: 1399: 158) بەها کۆمەڵایەتییەکان لە هەر کۆمەڵگایەکدا توخمێکی سەرەکی کەلتووری ئەو کۆمەڵگایە پێکدەهێنن و وەک ڕێبەر و بەڕێوەبەرێک لە ئەنجامدانی کردارە کۆمەڵایەتییەکانی تاک و گروپەکاندا سەیر دەکرێن. دانان بەم بەهایانە هەمیشە بە یەکێک لە پرسە گرنگەکان دادەنرێت بۆ پێوانەکردنی ئاستی جیاکاری ڕەگەزیی لە کۆمەڵگاکاندا ئەم بەهایانە ئاراستەی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا دیاریدەکەن، لەسەر ئەم بەهایانەیە، کە مرۆڤەکانی کۆمەڵگا بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شتێکی خوازراو یان نەخوازراو دەزانن. هەروەها گۆڕانی ئەم بەهایانە بووەتە هۆی گۆڕانکاری لە کردارەکانی خەڵکدا و بەم پێیەش کولتوری کۆمەڵگاش لە گۆڕاندایە (کوئن: 1396: 61)

کەلتوور ڕۆڵی گرنگی لە ژیانی تاک و کۆمەڵایەتیدا هەیەو ئەم کاریگەرییەش لەم دوو خاڵەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو :

1- ڕۆڵی کەلتوور لە ژیانی تاکدا:

کەلتوور ڕۆڵێکی گەورەی لە دیاریکردنی ڕەفتاری مرۆڤدا هەیە ؛ لە ڕاستیدا ئەوە کولتوورە، کە توخمەکان بە مرۆڤ دەدات و ڕەفتارەکانی ڕێکدەخات و ئامادەیی تەواو لە مرۆڤدا دروستدەکات بۆ ئەوەی بچێتە ناو ژیانی کۆمەڵایەتییەوە. مرۆڤ لە کەشێکی تایبەتی کولتووریدا لەدایکدەبێت، لە جێگاکەیدا دەژی و گەشەدەکات. کەلتوور مرۆڤ فێری چۆنیەتی ڕەفتار دەکات لە بارودۆخی جیاوازدا. مرۆڤ بوونەوەرێکی هەڵبژاردەیە و هەڵبژاردنی زیاتر لە نێو ئەو چوارچێوە و سنوورانەدایە، کە کەلتوور بۆ دیاریدەکات. بەم شێوەیە کولتور بە شتێکی تەواو ناوەکی بۆ تاک دادەنرێت و لەگەڵ کەسایەتی مرۆڤدا تێکەڵبووە.

2- ڕۆڵی کەلتوور لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا

کەلتوور کۆمەڵگا دەپارێزێت و بەردەوامی دەکات. ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای دروستکردنی ڕێکخستن و هاوئاهەنگی لە هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگا و کەلتووردا دامەزراوە بە فاکتەری سەرەکی دروستکردنی ئەم ڕێکوپێکی و هاوئاهەنگییە دادەنرێت. ئەگەر کەلتووری هاوبەش نەبێت و هەرکەس بە ئارەزووی خۆی هەڵسوکەوت بکات، کۆمەڵگا ئاژاوە و پشێوی دەبێت. کەلتوور بەهاکانی کۆمەڵ وەک فاکتەری کۆنترۆڵکردن و بەیەکەوەبەستنی کۆمەڵ، بە شێوەیەکی مانادار و پراکتیکی، بەکاردەهێنێت. کەلتوور گروپ و کۆمەڵگایەک لە گروپ و کۆمەڵگایەکی دیکە جیادەکاتەوە و ڕێگەخۆشدەکات بۆ تێگەیشتن، کەلتوور بەهاکانی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لێکدەداتەوە. هەر لەم ڕێگەیەوەیە مرۆڤ دەتوانێت باشتر لە مانا و مەبەست و جۆری هەڵسوکەوتی تاک یان کۆمەڵگایەک تێبگات. تێگەیشتنی قووڵتر لە کولتوور دەبێتە هۆی تێگەیشتن لە چەمکی یەکپارچەیی ژیان و ماناکانی ڕەفتار و بەهاکان، کەلتوور یەکێک لە بناغە بەهێزەکانی هاودەنگی کۆمەڵایەتی دابیندەکات. بیروبۆچوون و تێڕوانیینە هاوبەشەکانی کەلتوور بۆ (نیشتمان، قوتابخانە، خزم، هاوزمان، هاووڵاتی، هاوئاین و هتد) ئیلهامبەخشە بۆ قوربانیدان و دڵسۆزی و خۆبەختکردن. کەلتوور نەک هەر وێنەیەک لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بنیاتنانی کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو، بەڵکو ناسێنەری توخمەکانی خۆیشی دابیندەکات. کولتوور ڕەفتارو لایەنی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەک ڕێکدەخات، کە مرۆڤ هەست بە سۆز بکات لەگەڵ کۆمەڵدا، بەبێ ئەوەی بەردەوام شێوازی بیرکردنەوە و کردار دابهێنێت . (رویا بهرامی: 1397: 13)

هەرچی سەبارەت بە ڕەگەزە(gender) پێکدێت لە ڕەفتارەکان رۆڵ و بیرۆکە کۆمەڵایەتییەکان، کە کەلتووری فەرمانڕەوای هەر کۆمەڵگایەک بۆ ژن و پیاوی بەجێدەهێڵن، لە پەیوەندی لەگەڵ ڕۆڵی ڕەگەزییدا، بیرکردنەوە چەقبەستووەکان سەبارەت بە هەردوو ڕەگەز لە کۆمەڵگادا بەدیدەکرێن، کە مەودای پێگەی هەردوو ڕەگەزەکە دادەنێت و دیارییاندەکات.( نرسیسیانس،:1385: 15)، لەکاتێکدا ڕەگەز(sex) بە جیاوازییە فیزیکی وجەستەییەکان ئاماژەی بۆدەکرێت ، ڕەگەز(gender) بە جیاوازییە دەرونی و کۆمەڵایەتی و کەلتووریەکان پەیوەستدەبێتەوە، تایبەتمەندی نێوان ڕەگەز(gender) و ڕەگەز(sex) تایبەتمەندی سەرەکین، چونکە زۆربەی جیاوازییەکانی نێوان ژن وپیاو سەرچاوەیەکی بایۆلۆجیان نییە. (گیدنز: 1387: 97) .تەنیا لەڕێگەی ڕەگەز(gender) وە دەتوانین کەسانی تر هەستپێبکەین، لە بنەڕەتدا مرۆڤی بێلایەن بوونی نیە شتێک بە ناوی کاغەزی سپی بوونی نییە، خەڵکی بە هەڵوێست لە ئێمە تێدەگەن، ئەمە تاکەڕێگەیە بۆ تێگەیشتنمان. ئێمە تەنیا لەڕێگەی کەلتوورەوە توانای تیگەیشتنمان هەیە.(Butler:1990:16.17 ) ڕەگەز تەنها شتێک نییە، کە مرۆڤەکان پۆلێندەکات، بەڵکو شێوازی بیرکردنەوەیە لەو جیهانەی، کە تێیدا مرۆڤەکان بەسەر نێرومێدا دابەشدەکەین ، ڕەگەز شتێکە لە ئێمەدا دروستدەبێت.بەڵام ئەمە دروستبوونە بەهۆی بیرکردنەوەی کەسانی دیکەوە دروستدەبێت، کە بیروباوەڕیان هەیە سەبارەت بە ڕەگەز.( هولمز: 1389: 81-.83) ڕەگەز دیاردەیەکی سرووشتی نییە، بەڵکو لەکاتی هەڵسوکەوتدا دروستدەبێت، لەم هەڵسوکەوتەدا ژن وپیاو شوێنکەوتووی هەندێک بابەتی دیاریکراو و چەقبەستوون، کە چۆنییەتی ڕەفتارکردنیان پێشوەختە دیاریکراوە، هەرچەندە لە هەندێک حاڵەتدا جۆرێک ئازادییان هەیە. .( هولمز: 1389: 85). کەواتە ڕەگەز دیاردەیەکی کەلتوورییە، کە کاریگەری لەسەر جۆری پەیوەندی و پێگەی ژن و پیاو لە کۆمەڵدا هەیە. جیاوازی زمان و ڕەفتارلە نێوان ژن و پیاودا بەهۆی جیاوازی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزیی مرۆڤەکان و بەرهەمی کەلتووری هەر کۆمەڵگایەکەوە دروستدەبێت.

ڕەگەز دیاردەیەکی کەلتوورییە کاریگەری لەسەر جۆری پەیوەندی ژن و پیاو لە کۆمەڵدا لەسەر شێوازو ناوەرۆکی زمان لە چوارچێوەی دەنگ و وشەو ڕێزمان و واتا، دادەنێت. جیاوازی کۆمەڵایەتییە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکێکە لەگرنگترین هۆکارەکاریگەرەکان لەسەر زمانی ژن وپیاو. (روح انگیز کراچی ١٣٩٤: ٢35).بە پێی ئەو پێناسەولێکدانەوانەی، کە بۆ کەلتوور و ڕەگەز کراون، دەتوانین پەیوەندی نێوان ئەم دووانە بەم شێوەیە دەرببڕین: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری هەموو کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان، کاریگەریی گەورەی جیاوازی ڕەگەزیی لەسەرەو بە پێچەوانەشەوە. (جنکینز: 1381: 274)

### 3/1) دەسەڵاتدارێتیی ڕەگەزیی لە زماندا:

ڕەگەز هەندێکجار بەپێی ئەو کەلتوورەی، کە کۆمەڵ بەڕێوەدەبات، کاریگەری لەسەر زمان و شێوازی بەکارهێنانی زمان هەیە و ئەم بەکارهێنانە لە نێوان ژن و پیاودا جیاوازە. توێژینەوەکانی بواری ڕەگەزییش باس لەو تایبەتمەندیانە دەکەن، کە بەهۆی جیاوازی نێوان هەردوو گروپی ڕەگەزییەوە دروستدەبێت، کە بە "ڕەگەزبوونی زمان" ناودەبرێت. لە زمانی "ڕەگەزیی"دا، گروپێکی ڕەگەزیی، باڵاترە و ئەوی دیکەیان (بەگشتی ژنان) بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە بێ دەسەڵات دەکرێن. (نادیا غضنفری مقدم ،دکتر آزادە شریفی مقدم،رضا فراشبندی، چکیدە مقالات همایش مادری) دەبێت ئەوە بزانین، کەهەمیشە زمانەکان بە تێپەڕبوونی کات لە کۆمەڵگا نێرسەنتەرەکاندا لە ژێر یاساکانی پیاوسالاریدا پەرەیانسەندووە و گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. لە کۆمەڵگا نەریتییەکان و کۆمەڵگا سەرەتاییەکان و تەنانەت کۆمەڵگا مۆدێرن و پیشەسازییەکانیشدا، پیاوان بە شێوەیەکی سیستماتیک و بە پلان وەک بوونەوەرێکی بەهێز و ئیرادەدار و باڵادەست و چالاک و بوێر وێنا کراون و ڕۆڵی گرنگ و هەمەچەشن دەگێڕن و بەو شێوەیەکی لۆژیکی، شارەزاو لێهاتوویی لە ئەرکدا چوێنراون، بەڵام وێنەی پێشکەشکراوی ژنان وەک بوونەوەرێکی لاوەکی و وابەستە خراوەتەڕوو. بوونی دەسەڵاتی پیاوان لەچوارچێوەی فکرەو بەرهەمهێنانی زانیارییەکاندا، بووە هۆکاری ئەوەی لە بەرەسمی ناساندنی داهێنانی ئەم تیۆرو زانیاریانەدا ژنان ڕۆڵیان نەبێت و کەنار بخرێن (فسائی،سهیلا صادقی: 1389: 185) لە دونیای ئەمڕۆدا، سەرەڕای بوونی چەندین نمونەی ژنانی سەرکەوتوو لە هەموو بوارەکانی هەوڵی مرۆڤایەتیدا، هێشتا بیری نەبوونی لێهاتوویی و بەتوانایی ژنان لە مێشکی زۆربەی خەڵک و ڕەنگە خودی ژنانیشدا بەهێز ماوەتەوە. ڕەگوڕیشەی نایەکسانی ڕەگەزیی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، کە پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکان بە شێوەیەک ڕێکخرابوو، کە بووە هۆی کەمتەرخەمی ژنان. لەم نێوەندەدا یەکێک لەو هۆکارە گرنگانەی، کە بەشداربووە لە مانەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم نایەکسانییە و ڕەنگە سووتەمەنی پێدابێت، زمانە، چونکە زمان وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا لەپاڵ هۆکاری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو هۆکارانە، کە بە تەواوەتی دەسەڵاتی پیاو تێدا دەردەکەوێت ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێک فۆڕمی زمانی (( ڕەگەزیی مێ و نێر لە هەر کۆمەڵگایەکدا زنجیرەیەک فۆڕمی زمانی پەیرەو دەکەن؛ بە واتایەکی تر فۆڕمی زمانی تایبەت بۆ هەر ڕەگەزێک دیاریکراوە و ئەگەر لە لایەن ڕەگەزیی بەرامبەرەوە بەکاربهێنرێت، دژایەتی و ناتەواوی لێدەکەوێتەوە. بێگومان ئەم فۆرمە زمانییانە و شێوازی پەیرەوکردنیان و ئەو ڕۆڵانەی کە ئەو دوو ڕەگەزە وەریدەگرن لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازن)). .( مقدم ,نادیا غضنفری ، شریفی،دکتر آزاده ، فراشبندی رضا :2013: 6)

ئەم فۆڕمەزمانیانەش بە پێی ئایدۆلۆژیاو کلتووری کۆمەڵ بەلایەنگیری بۆ پیاو دادەنرێن، بە گوتەی سکۆڵز (بێگومان زمان ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوە و ڕەفتار و کولتوری ئەو کەسانەیە، کە دروستیدەکەن و بەکاریدەهێنن. ئایدۆلۆژیا دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگەیەک کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەکان و دواجاریش لەسەر زمانی خەڵکی ئەو کۆمەڵگەیە. زمان ئایدۆلۆژیاکان زاڵن و بۆ مەبەستی تایبەت بەکاردێت و جگە لەوەش جیهان بە شێوازی خوازراوی ئەو کۆمەڵگایە پێناسە و لێکدانەوەی بۆ دەکات. یەکێک لەو ئایدۆلۆژیانە بریتییە لە بیرکردنەوەی ڕەگەزیی (دەسەڵاتدارێتی ڕەگەزیی لە زماندا)).(82 :Schulz: 1975 )

ئەم دەسەڵاتدارێتی ڕەگەزییە لە زماندا لەهەردوو بواری قسەکردن و نووسیندا ڕەنگدەداتەوە بە جۆرێک لە قسەکردن و گفتو گۆکاندا پیاوان بە تەواوەتی دەستبەسەر گفتو گۆکاندا دەگرن و ئاراستەیدەکە ن و قسەکردن بە داهێنانی خۆیان دەزانن و ژنان بە لاساییکەرەوەی پیاوان قبوڵدەکرێن. لەم نێوەندەدا گفتوگۆکان بە جۆریکە پیاوان دەیانەوێت زۆرترێن قسەکردن و کەمترێن بچرانیان هەبێت، بە پێچەوانەوە ئەم مافە بە ژنان ڕەوا نابینن.

لە گفتوگۆکاندا ئەو ناهاوسەنگییە بە ئاشکرا دەسەلمێنرێت؛ بەوەی پیاوان مافی قسەکردن لە ژنان وەردەگرن زۆر زیاترە لە هەمان ئەگەر بۆ ژنان، تۆمارکراوە دەرکەوتووە کە ڕەگەز گرنگترین دیاریکەری ڕەفتاری زمانەو پێگەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگتری هەیە (Woods،1998: 105). هەر لەم بارەیاوە سێپاندەر پێیوایە پیاوان بێدەنگی ژنان دیزایندەکەن. هەروەها دەڵێت (هەر ژنێک، کە هەوڵی پچڕانی قسەی پیاو بدات، بە بێئەدەب و و زاڵ دادەنرێت)(Spender، 1980: 17 )

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەبارەت بە نووسینیش، بە هەمان شێوەی قسەکردن لە ژێر هەژموونی پیاوداپە . لە ڕاستیدا یەکێک لەو ڕەخنانەی ، کە لەلایەن فیمینیست و ژنگەرایانی بواری زمانەواونییەوە دەگیرێت ئەوەیە، جیاوازی زمانی نێوان ژن و پیاوە، لە ڕابردوودا ژن نەیتوانیوە بخوێنێت و بنوسێت، لەم ڕووەوە پیاوان تەنیا بۆ پیاوانیان نووسیوە تەنانەت زۆرجار وا دانراوە باشترین زمان ئە زمانەبووە ،کە پیاوان دەیزانن ، باشترین بۆچوون ئەو بۆچوونانەبوون، کە پیاوانەبن. ( طالبیان یحیي ، تسنیمی علی ،بیابانی احمد رضا، 1395: 9). دیارە، نووسینی ژنانیش بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، کە لە قۆناغی یەکەمدا ژنان هەوڵیانداوە وەک پیاوان بنووسن بەو مانایەی هەستەکانیان، جوان نووسینیان، زمانی نووسینیان و پێکهاتەی نووسین و وەرگێڕانەکانیان وەک پیاوان بێت، چونکە ئەدەبیات و نووسینی باڵا نووسینی پیاوان بوو .

لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا پیاوان کەم و زۆر بە ئاسانی دەتوانن دەربارەی ئەوبابەتە ڕەگەزییانەی، کە مەیلیان بۆی هەیە بنووسنوو گفتوگۆ بکەن، بەڵام ئەم کارە بۆ ژنان قەدەغەیە، لەکۆمەڵگا پیاو سالارەکاندا تەنانەت پیاوانی ڕۆشنبیریش پێیان باشە ژنان پەیوەستبن بە ئاداب و نەریتی کۆنی کۆمەڵگاوە هەر جۆرە گۆڕانکارییەک لە کرۆکی کۆمەڵایەتی ژنان بۆ ئەمان قبوڵکراو نییە. ( طالبیان یحیي ، تسنیمی علی ، بیابانی احمد رضا، 1395: 17)

سنوردارکردنی مافی ژنان ڕۆڵی ناچالاکیان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا و نەگەشتنیان بە ماڵ وسامان و دەوڵەمەندی و سنوردارکردنی ڕۆڵیان لەسەر بنەمای ڕەگەزیی و ڕۆڵیان تەنیا لەماڵ وخێزاندا پێنەدانی هەل و ماوە پێیان وایکردووە هەمیشە لەسەر ئابلۆقەی فکری پیاوان بوون و بەشێوەی پیاوان بیریانکردوەتەوە. ئەم دوورخستنەوەی ژنان لەکایەکانی ژیان کاریگەری لەسەر هەموو لایەنەکان بەجێهێشتووە، بەتایبەتی بواری نووسین و بابەتی ئەدەبی، لە نێویشیاندا شیعر. (کراچی ،روح انگیز ١٣٩٤: ٢37) . خاڵێک، کە جێی سەرنجە ئەوەیە، کە جیاوازی گفتوگۆ و نووسینی ژن و پیاو ناسنامەیەکی هەمیشەیی و ڕۆشنیان نییەو هەروەها تایبەت نیین بە زمانێکی دیارییکراوەوە، لە هەموو زمانەکاندا بەدیدەکرێن و لە زمانێکەوە بۆزمانێکی تر دەگۆڕین. ( طالبیان یحیي ، تسنیمی علی ، بیابانی احمد رضا، 1395: 33).

**٢) دەسەڵاتدارێتی ڕەگەزیی لە زمانی کوردیدا :**

**١/٢) لە ئاستی فەرهەنگ وشەسازیدا :**

دەسەڵاتدارێتیی لە بواری فەرهەنگ و وشەسازیدا زیاترە لەبوارەکانی تری زمانەوانی و لەچەند لایەنێکدا دەردەکەوێت:

١. دەسەڵاتدارێتی ڕەگەزیی بە دوو شێوە دەردەکەوێت، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و واتایەکی ڕوون. واتای ڕوون کاتێکە، کە وشەکە ڕاستەوخۆ لە قسەکردندا ئاماژەیە بۆ بەکەمزانینی ژن و دەرخستنی دەسەڵاتی پیاو، وەکئەوەی کاتێک دەوترێت (ژنانی، ژنئاغا (بەواتای ژنەکەی ئاغایەتی)). هەروەها لە مانای ناڕاستەوخۆ یان شاراوەدا، گرنگیدان بە مانای داتاکان کەمتەرخەمی یەکێک لە ڕەگەزەکان ئاشکرا دەکات. وەکئەوەی زۆر جار بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ بە ژن دەوترێت سەرئێشە و ئازار. (مقدم آزاده شریفی ، زادة وحیده ابوالحسنی ، تجرد سمیرا: 1392: 109) لە ڕاستییدا ئاماژە بەکارهاتووەکان، کە پەیوەندی بە لایەنە شاراوەکانی واتاوە هەیە، هەر بەم هۆکارەوە بە ئاشکرا بەکارنەهێنراون. خاڵی سەرنجراکێش لەم داتایانەدا ئەوەیە، کە لە زۆربەی ئەوانەدا لە بواری واتاو وشەبەکارهاتووەکانەوە لە ڕووکەشدا هیچ سیفەتێکی نەرێنی و بەکەمدانانی بۆ ژنان تێدا نییە و تەنها چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەوان لە نێوان کۆمەڵگەدا سیفەتێکی نەرێنی بۆژنان دەردەخات وەک (دەمەوەر، دەمدرێژ، ...).

٢. مارکەلێنەدراوی ڕەگەزیی نێر: کاتێک یەکێک لە ڕەگەزەکان وەک ناوێکی گشتی و گشتگیر لە زمانێکدا دەخرێتەڕوو، ئەوا لە مەودای ڕەگەزیی خۆی تێدەپەڕێت، بەڵام هێشتا ڕەگەزیی پێچەوانە بەپێی ڕۆڵی ڕەگەزیی پێناسە دەکرێت. لەم نموونانەی خوارەوەدا وشەی "پیاو" ئاماژەیە بۆ هەموو مرۆڤ و مرۆڤایەتی.

وشەی "پیاو" (پیاو) لە زاری کرمانجی ناوەراسدا وەک وشەی "پیاو[Man]" وایە لە زمانی ئینگلیزیدا، لە زۆر بەکارهێناندا بۆ هەردوو ڕەگەز قبوڵکراوە و وەک پێوەرێک لە کۆمەڵگا بۆ (نێرو مێ)ش بەکاردێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ژن لە بەرچاوی نەمێنێت و وشەی "پیاو" هەم بە مانای پیاو و هەم ژنێش بەکاربێت، کاتێک لە جیاتی پیاو بەکاردەهێنرێت دووبارە دەبێتەوە و هەم لەبەر ئەوەی کە بێ نیشانەیە لەبری ژن بەکاردێت و دێتە بەرچاو لە ڕاستیدا وا دیارە ئەزموونەکانی مرۆڤ لە ڕوانگەی پیاوانەوە دەخرێنەڕوو، وەک پێوەرێکە بۆ خەڵکی گشتی. وەک لەم نمونەدا دەردەکەوێت:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

" پیاو دەبێت پاشەڕۆژی لەبیر بێت " (پێویستە مرۆڤ بیر لە داهاتوو بکاتەوە)

" پیاو دەبێت لە قافی خۆیدا قسان بکات " (پێویستە مرۆڤ لە شوێنی خۆی قسە بکات)

یان لە کردارە ئاوێتەکراوەکاندا وەک:

" پیاو کوشتن "

"پیاو خراپ")

"پیاوەتی" (مرۆڤایەتی)

"قسە و قەولی پیاوانە" (قسەی پیاو) دروستی بۆچوونەکانی پیاو بۆ خوێنەری ژن ئاشکرایە!

پیاو عەیبە باسی خۆی بکات.

٣. سیفەتی نەرێنی: ئەگەرچی وشەکان لەم چوارچێوەیەدا، کە هەڵگری واتایەکی نەرێنین، ڕاستەخۆ تایبەت نیین بە ڕەگەزیی ژن، بەڵام لە چوارچێوەی دەق و دەوروبەردا بەو ئامانجە بەکاردەهێنرێت، وەک دەوترێت کەم عەقڵ، حەسود......هتد(مقدم آزاده شريفى ، زادة وحيده ابوالحسنى ، تجرد سميرا: 1392: 109) بە واتایەکی تر سیفەتی نەرێنی یەکێکە لە شێوازەکانی بەکەمترزانینی زمانی ژنان، بەردەوام ئاماژەدان بە بوونی سیفاتی نەرێنی ئەوان و دروستکردنی ئەم باوەڕە لەناو کۆمەڵ و خودی خۆشیاندایە، کە هەلگری ئەم سیفاتە نەرێنییانەن. لە ڕاستییدا ئەم ڕوانگە بەبێ سەرنجدانی جیاوازییە کەسییەکان و سیفەتێکی نەرێنی بە ناو تایبەتمەندی تایبەت بە یەك ڕەگەز بەکاردەبرێت. بێئەوەی کە ئاماژەی بە هەبوونی هەمان سیفەت لە نێوان کەسانی ڕەگەزی بەرانبەرەکەوە بێت (پاک نهاد جبروتى،مريم:1381: 66) سەرەرای ئەوبابەتانەی باسمانکردن لەچەندین بوارو وشەی تردا بەئاشکرا جیاکاری ڕەگەزیی و دەسڵاتی پیاو لە زمانی کوردیدا دەردەکەوێت بۆنمونە:

وشەکانی وەک ( باوەژن (ئەڵیی باوەژنیەتی)،هەوێ (ئەڵێی هەوێی یەکن)، ئاماژەن بۆ ئەو واقیعەی لە کۆمەڵگادا هەیە و نیشانەی جیاکاری ڕەگەزیی دڕندانەن، کە هەندێکجار شیکردنەوەی بەڵگە زمانەوانییەکان توانای وەسفکردنی نییە. زۆر شتی نەگوتراو لەو شتەدا نێژراون، کە دەربڕینەکانی زمان ناتوانن وەسفییکە.

نمونەیەکی تری وەک (بێوەژن) " لە کەلتووردا، جگەلەوەی بۆ ژنێکی تەڵاقدراو بەکاردێت، لەهەمان کاتدا بە ژنێکی مێرد مردووش دەوترێت. دەکرێت بۆ پیاویش بە هەمان داڕشتە باکاربێت،واتە پیاوێک کە ژنەکەی مردووە یان لە ژنەکەی جیابۆتەوە، پێیدەوترێت (بێوەپیاو). ئەگەر چی لەزمانی کوردیدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وشەکە بۆ ژن و پیاو بە یەکسانی و بەبێ جیاوازی ڕەگەزیی سازکراوە، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوەبکرێت، کە "بێوەژن" بۆ ژن مانایەکی دیکەی هەبوو، "ژنێک کەمێردەکەی سەقفێکی پێداوە" کە بەم مانایە بۆ پیاو بەکارناهێنرێت. ئەمڕۆ وشەی "بێوە" بە دەگمەن بۆ پیاوان بەکاردەهێنرێت، ڕێژەی بەکارهێنانی زیاتر بۆ ژنانە تەنانەت ڕەنگە بە تەواوەتی تایبەت کرابێت بەژنان ئەمڕۆ کاتێک کەسێک دەڵێت "بێوەێەکم بینی" یەکەم سەرنجی گوێگر ئەوەیە قسەکەر باس لە ژنێک دەکات، کە مێردەکەی لەدەستداوە، بەواتا بەدەگمەن وێنەی پیاوێک دێتەبەرچاو.

٤.لەحاڵەتێکدا، کە ژنان ڕەخنەیان لێدەگیرێت یاخود لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە سەرکۆنە دەکرێت، بەهۆی ئەوەی کارێکدەکات، کە بۆ پیاوان شەرمەزاری نییە، بەڵکو هەندێك جار بەشایستەیی خۆیانی دەزانن و بەئاشکراو زۆرجاریش بەشێوەیەکی شاراوە و ڕانەگەیەندراو خۆیان ئەنجامیدەدەن. ئەمەش بە تایبەتی لە هەڵوێست بەرامبەر بە پرسە سێکسییەکان دەردەکەوێت.

حەیا تکاو"

چاو و ڕوو کراوە

داوێن تەڕ" یا "داوێن پیس"(یەکەمیان ئاڕاستەی ژنێکە و دووەمیان نزیکە ئاراستەی پیاوێک بێت، دیسانیش ئاماژەیە بۆ ژنێک یان پیاوێک، کە پەیوەندی دەرەوەی هاوسەرگیرییان هەیە)، بەڵام دەرئەنجامەکانی ئیسپاتکردنی وەها سیفەتێک بۆ ژن زۆر جیاوازن لەگەڵ پیاوێک، کە بەو شێوەیە ئاڕاستە دەکرێت.

٥.لە پەیکەری تەقلیدی کۆمەڵی کوردستاندا مانەوە بە تەنیاو تەڵاقدراو و بێوەژن بە خەسڵەتێکی زۆر نەرێنی بۆ ژنان دادەنرێت.

"قەیرە کچ

تەڵاقدراو

بەگشتی ئەو کچانەی، کە درەنگ هاوسەرگیریان دەکرد وەک کەسێک سەیر دەکران، کە بووەتە سەرۆکی ماڵ، یان ژنێک کە تەڵاقدراوە و دەگەڕێتەوە ماڵی باوکی چیتر ئەو دۆخەی نەماوە، کە لە سەرەتاوە هەیبوو.

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٦.لە بنیاتنانی ئێستادا، بەتایبەتی کرداری ناو و کردارە ئاوێتەکراوەکان، ژنان بابەتی کارا نین و کاریان لەسەر دەکرێت. ئەم کردارانە بە ڕوونی پێگەی لاوەکی خۆیان و خاوەندارێتی مرۆڤ بەسەر ڕۆح و جەستەیان و بەگشتی ژیانیان دەردەبڕن:

خوازبێنی کردن  بابەتەکە پیاوێکە واتە هۆکاری کردارەکە پیاوێکە

ڕەدوو کەوتن" " ڕەدوا کەوتن"

(ئافرەتەکە بە دوای ئەو پیاوەدا دەڕوات، کە بابەتەکەیە. کاتێک بڕیاری ڕاکردنیان لەماڵەوە داوە، بۆ نمونە کچێکی هەیە، ئەویش بە پێچەوانەی خواستی بنەماڵەکەوە بە دوای ژیانی خۆیدا دەڕوات". لێرەدا ژنەکە کارەکتەری لاوەکیە لە کارەکەداو دەرئەنجامی نەبوونی سەربەخۆیی لە کرداردا و وابەستەیی بە پیاوەکە)

ژن هەڵگرتن

(واکردن لە ژنێک یان کچێک ڕابکات... دەربڕینێکە بۆ کارەکە بەجۆرێک، کە ئیرادەی ژنەکە تێیدا دیار نەبێت)

ژن هێنان

(بەدەستهێنانی ژن/هێنانی ژن بۆ ماڵ... هەڵبژاردن و دەسەڵات بۆ ژنەکە نیشان نادات) پرسەکە ئەوە نییە کە گرێبەستێک ئەنجام نادرێت تا ئەو کاتەی ژنەکە دەڵێت "بەڵێ". هەرچەندە لە زۆر حاڵەتدا و لە ژیانێکی تەقلیدیتردا کە ژنان و کچان دەسەڵاتێکی کەمیان هەیە بۆ هەڵبژاردن، بەڵام چۆنیەتی و شێوازی وتنی "بەڵێ"یش لە ژێر پرسیاردایە.

ژن مارەکردن

ژنگواستنەوە

(لێسەندنەوەی بووک یان هاوسەرگیری... بردنی بووک لە ماڵی باوکیەوە بۆ ماڵی مێردەکەی.لە کردەی گواستنەوە و بردنیدا، ژنان هیچ ڕۆڵێکیان نییە و دیسانەوە بریکار و بابەت پیاوەکەیە>

ژنبەژنە کردن" ، یا " بە ژن چوون"

وێڕای نیشاندانی لوتکەی پشتگوێخستن و دیلبوونی ژن، دەتوانێت ئاماژەبێت بۆ زاڵبوونی کەلتوری پیاوسالاری لە کۆمەڵگادا، کە تەنانەت بە جۆرێک لە جۆرەکان پیاوان لە پیاوانی دیکە کەمتر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پیشاندەدات. چونکە هەندێکجار، کوڕان دەبێ گوێڕایەڵی باوکیان بن و بەپێی بەرژەوەندی خێزانەکە بڕیار لە هاوسەرگیرییەکەیان بدەن.

### ٢/٢) لەئاستی ڕستەو دەربڕراودا:

دەسەڵاتدارێتی ڕەگەزیی لەزماندا، لەسەر ئاستی ڕستەو دەربڕاو لە چەند حاڵەتێکدا دەردەکەوێت:

1. ئەگەر بیانەوێت پیاوێک زەلیل بکەن یان تاوانبار بکەن، ئەوا ئەو سیفەتانە بەکاردەهێنن کە لە ڕووی کەلتوورەوە لە کۆمەڵگادا بە سیفەتی ژنانە دادەنرێت. دەم شلبوونەوە، بێ وەفا، ئیرەیی، قسەکردن، ئیغراکردن و هتد هەموویان بە سیفەتی ژنانە دادەنرێت

"دەڵێی ژنە"

(قالەژنانیە)قالە کورتکراوەی ناوی نێرە "قادر". لێرەدا ئاماژەیەک بۆ پیاوێک بە ناوی قادر کە تایبەتمەندی ژنانەی هەبوو)

2. لە هەندێك حاڵەتدا، لە هزری زۆر کەسدا پیاو بوونەوەرێکی ئەفسانەییە، کە زۆر کێشە لەلایەن ئەوەوە چارەسەر دەکرێت. بەو پێیەی پیاوان بە شێوەیەکی سەرەکی ڕۆڵی ئابووریيان هەیە و ژنانیش کەمتر سەربەخۆیی ماددییان هەیە... لەم نەبوونی ڕێژەیە و هاوسەنگیی نێوان کەسەکاندا، دەسەڵات بە قازانجی پیاوان دابەشدەبێت و پێگەیەکی باشتر و باڵاتریان هەیە لە ژنان. هەروەها کاریگەرییان لەسەر یاساکان دەبێت، بۆ نمونە دەبێتە هۆی ئەوەی ناوی منداڵەکە لە ناوی باوکەوە وەربگیرێت و کوڕەکە وەک ئەو ڕەگەزە هەژمار بکرێت، کە ناوەکە دەگوازێتەوە بۆ نەوەی داهاتوو. بۆیە پیاوان نەك تەنها لە کۆمەڵگە عەشایەری و پیاوسالاریەکاندا ئەو ڕۆڵە تایبەتە دەبینن، بەڵکو لە شەریعەتی ئیسلامیشدا، کە بەهۆی هۆکاری بۆماوەییەوە، پایەی ماددی و ئابووری بنەماڵەن:

"کور پشتە" (واتە کوڕ گواستنەوەی خێڵ یان ناوی بنەماڵەیە بۆ نەوەی داهاتوو)

"کوڕت نەمرێت" (دوعایەک کە بۆ دایکان دەگوترێ بە واتای "کوڕەکەت بژی یان نەمرێت")

"بە دایکی حەوت کوڕان بیی" ، " کوڕت نەمرێت"

"باب و برات سەلامەت بن" یاخود "ئاغاکان سەلامەتی بن" (باوک و براکەت تەندروستیان باشبێت یان بەڕێزان تەندروستی باشبێت... ئاراستەی ماتەمگێر دەکرێت، لە کاتی بۆنەی ماتەمینیدا)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. ئەگەر ژنان لە کۆمەڵگا پیاوسالارەکاندا بە هۆکاری (وەک ئازایەتی، ئازادی، یان پاکیزەیی) ستایش بکرێن، بۆ ستایشکردنیان، ئەو سیفەتانەی، کە دەگەڕێندرێنەوە بۆ پیاوان قەرز دەکرێن، لەلایەن پیاوانەوە یان لە زمانی خۆیانەوە بەکاردەهێنرێن.
" لە پیاوان پیاوترە"
"نێرە ژن"
"ژێنیکی وەکو پیاوان مەرد و ڕەند" (ژنێکی وەک پیاوان ئازا و ئازادە)
4. باوەڕبوون بە "عەقڵی ناتەواوی ژنان"، "متمانە نەکردنیان" و "لاوازیان"، وەک لە زۆر زمانی دیکەی ئەم زاراوە لاوەکییەدا، لە شێوەی زاراوەی وەک " ژن ئەقڵی لە کۆشی دایە " دەربڕدراوە (ئەمە بە واتای : عەقڵی ژن، عەقڵێکی دامەزراو و چەسپیو نییەو بە ئاسانی هەندێک کات عەقڵی لێدەکەوێت)، "پرس بە ژنان بکە بەڵام بە قسەیان مەکە" و هتد...

### ٣/٢) دەسەڵاتدارێتی ڕەگەزیی لەسەر ئاستی واتا

یەکێك لە ڕێگەکانی بەکارهێنانی نابەرانبەری زمانیی لە نێوان قسەکەرانی دوو ڕەگەزدا سوودوەرگرتنە لە واتا. لە بواری واتادا زەمینەیەکی فراوانتر لەبەرچاو دەگیرێت و "لە ڕاستیدا لە زۆر حاڵەتدا دەربڕین و وشەی زمانەکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە دەسەڵاتدارێتی ڕەگەزیی لە زماندا، بەرەوپێشدەبەن، بە کەڵکوەرگرتن لە نیشانە واتاییەکان، کە قسەکەرانی زمان بەگشتی ئاگایانە لەم جۆرە پێکهاتانە بەکارناهێنن.(مقدم ,نادیا غضنفری ، شریفی،دکتر آزاده ، فراشبندی رضا :2013 :4) لە ڕاستییدا زۆربەی جار دەربڕاو و وشەکانی زمان بە شێوازی شاراوە و بە سوودوەرگرتن لە نیشانە واتاییەکان، بەڕەگەزییبوون گەشەپێدەدەن. بە واتایکیتر واتا هەمووکات شێوازێکی ئاسایی هەیە. واتە لە پێکهاتەی نێوانی وشەکەدا هەیە. بە وتەیەکیتر هەندێکجار واتای مۆرفۆلۆجی لە بەرانبەر هۆکاری ڕەگەزیی بە شێوازێکی جیاواز و بەرانبەر بەسەرتر و خوارتر کاردەکات. ئەڵبەت قسەکەران هەمووکات ئەم وشە ڕەگەزاوییانە بەشێوازی ئاگادارانە بەکارناهینن و ڕوودانی ئەم جۆرە هۆکارە زمانیانە بەرهەمی ڕوودانی پرۆسەگەلێکی گەورەترەو ناسینی ئەوانە یەکەمین هەنگاو بۆ لێکدانەوەی زانستی بابەتەکەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شوالتر لەم بارەوە دەڵێت:"ئەرکی سەرەکی ڕەخنەگران پێداگرییە لەسەر گەیشتنی ژنان بە زمان لە ڕووی تایبەتمەندییە ئایدۆلۆجی و کەلتوورییەکانی دەربڕینەوە). کێشەکە ئەوەنییە، کە زمان لە باسکردنی ئاگاهی ژنان کەمتوانایە، بەڵکو ڕێگری ژنان لە بەکارهێنانی کامڵی زمانە، کە ئەوان مەجبوور بە بێدەنگی، چاك دەربڕین و زۆربێژی دەکات". (پاک نهاد جبروتی،مریم:1381: 65)

لایەنگرانی یەکسانی ڕەگەزیی هەمووکات ئاماژە بە لایەنە جیاوازەکانی بەڕەگەزبوونە واتاییەکانی نێوان زمانەکان دەکەن و ئەم توێژینەوە ئەوە دەردەخات، کە ئەم پرۆسە لە زمانی کوردیشدا هەیە. دەسەڵاتدارێتی ڕەگەزیی لەسەر ئاستی واتا لە چەند حاڵەتێکدا دەردەکەوێت:

**٣/٢ -١) تیۆری ناونان:**

تیۆری ناونان هەمووکات ڕۆڵێکی گرینگی لەسەر بابەتی لایەنگرانی یەکسانی ڕەگەزیی گێڕاوە. هەر لەم بارەوە (کامێرۆن (١٩٩٠)بە بە ئاماژەدان بە لێکۆڵینەوە بەئەنجامگەیشتووەکان، باوەڕی وایە، کە تاکەکانی دونیا لە ڕوانگەیەکی پیاوسالارانەوەو لەسەربنەمای باوەڕە کلێشەییەکان سەبارەت بە ڕەگەزەکان "ناو لە شتەکان دەنێن" و بەپێی باوەڕی میلز، ناونانی دونیا تەنها لەسەر بنەمای کاردانەوەی ڕاستەقینە یا مۆرە بەڵگەییە نامەربووتەکانی ئەوانەوە نییە). (پاک نهاد جبروتی،مریم:1381: 66)

زۆربەی لە لێکۆڵەران باوەڕیان وایە، کە زمان نەک تەنیا لەسەربنەمای سوودی پیاوان دروستبووە، بەڵکو لە حەقیقەتدا پیاوانەیە و ژنان مەجبوورن، کە ئەزموونەکانیان لە ڕوانگەی پیاوانەوە ببینن و خۆیان ڕۆڵێکیان لە خولقاندنی واتا نوێیەکاندا نییە. ئەڵبەت ئەم ڕوانگە لە لایەن هەندێک لە لێکۆڵەرانەوە ڕەخنەی لێگیراوە. ئەوان باوەڕیان وابوو، کە پێویست ناکات زمان بە بەرهەمێکی پیاوانە بزانین بۆ ئەوەی بنەما و بناغەیەك بۆ ناونانی زۆربەی بەشە زمانییەکان بدۆزینەوە. کەواتە دەتوانین ئەو مۆرانەی، کە بۆ خۆمان و کەسانی تری بەکاردەهێنین، بەبەشێك لە سیستەمێکی گەورەتر بزانین، کە بە شێوازێکی ناوەخنی و شاراوە ئێمە لە نێوان گروپگەلێکدا لەسەربنەمای هێز دابەشدەکەن.

**٣/٢ -٢) بچووککردنەوەی ژنان لە ڕووی واتاییەوە:**

کامێرۆن لە کتێبی زمان و هێزدا باسی ئەوە دەکات:

"لە زۆربەی زمانەکاندا جۆرێك ڕێسای شاراوەی واتایی هەیە، کە لەسەربنەمای ئەوەیە پیاو ئەرێنی و ژن نەرێنییە. ئەڵێی جۆرێك شوونیسمی پیاوانە لە نێوان زماندا شاردراوەتەوە".

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم دیاردەیە لەزۆر لایەن و بواری زمانەکاندا و بەتایبەت لە زمانی کوردیدا دەردەکەوێت، کە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەیانخەینەڕوو:

أ- نەفیکردنی ژنان بەهۆی ئەوەی زۆرزانن، یا بەهۆی هەبوونی بیرۆکە و باوەڕی تایبەت و باسکردن سەبارەت بەوە، بە ژنان دەڵێن: (بەڵا و لێزان ، زمان درێژ.....هتد)

ب- یەکێکیتر لەو بێڕێزییانە سەبارەت بەو پیاوانەیە، کە زۆر بە قسەی ژنەکانیان دەکەن وەک ئەوەی لەکاتێک دەوترێت (ژنئاغا) لە کاتێکدا بەقسەکردنی ژن بۆ پیاوی خۆی نەک تەنیا خراپ و ناشیرین نییە، بەڵکو لە تایبەتمەندییە ئەرێنییەکانی ئەو ژن ئەژماردوکرێت (پاک نهاد جبروتی ،مریم:1381: 71)

ت- تەنانەت زۆر جار وەسفکردنی ئەو پیاوانەی، کە تایبەتمەندی ژنانەیان هەیە یان گوێ لە ژنان دەگرن دەکەونە ئەم چوارچێوەیەوە ژن هۆکاری کردارە تایبەتەکانی ژنانە: کردارەکانی وەک... "زایین" و "ئاوسبوون/دووگیانبوون". هتد بەکاردەهێنرێن، کە تایبەتە بە ژنان وەک تایبەتمەندییەکی نەرێنی دەدرێتە پاڵ پیاوان وەک دەبینین ئەم وشانە مانایەکی نەرێنییان هەیە لەبەر ئەوەیە، کە کردارەکە تایبەتەن بە ژنان" .( مقدم ,نادیا غضنفری ، شریفی،دکتر آزادە ، فراشبندی رضا :2013: 4)

**٣/٢ - ٣) ئەزموونی ژنانە (جواندەربڕین) و تابۆ (Taboo)**

یەکێك لە نیشانەکانی دەسەڵاتدارێتی ڕەگەزیی لەزمانی کورددا ئەوەیە، کە قسەکردن سەبارەت بە هەندێك لە ئەزموونە هاوبەشە ژنانییەکان قەدەغە یا تابۆیە مەگەر ئەوەی، کە لە ڕوانگەیەکی پیاوانەوە باسی لێوەبکرێت بۆ "جوانی دەربڕین"، ئەمەش یەکێکە لەو ڕێگەچاکانەی، کە لە ڕێگەیەوە بەشێکی زۆری ئەو وشە تابۆیانەی لە زماندا هەن، تەنانەت تایبەتن بە ئەندامی ژنانە، دەردەبڕن.

یەکێك لەو وشانەی، کە نوێنەرایەتی ئەمە دەکات، وشەی "زایینە". لەڕاستییدا هەرکات، وشەی "زایین" بۆ دایکێک یان ژنێک بەکاربێت، حاڵەتێکی بچووککردنەوەو ناشیرینی هەیە، بۆ باسکردنی ئەو حاڵەتە بە شێوازێکی ڕێزدارانە دەربڕاوی "لەدایکبوون" یان "هێنانە ژیان" یان "منداڵ هێنان یا منالبوون " سوودیانوەرگرتووە، کە واتەیکی نارەگەزیی و ڕوانگەیکی پیاوانەی سەبارەت بەم باسە هەیە.بڕوانە(مقدم آزادە شریفی ، زادة وحیدە ابوالحسنی ، تجرد سمیرا: 1392: 109، پاک نهاد جبروتی،مریم:1381: 72، مقدم نادیا غضنفری ، شریفی دکتر آزادە ، فراشبندی رضا: 2103: 4).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجام

لە کۆتایی  توێژینەوەکەماندا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. بەپێی ئەو نمونانەی لەبەشی دووەمی توێژینەوەکەماندا خراونەتەڕوو، زمانی کوردی زمانێکی بەڕەگەزبووەو جیاوازی جێندەری لەزمانەکەماندا هەیە.
2. لەچوارچێوەی بەڕەگەزبوونی زمانی کوردیدا، بەشێوەیەکی گشتی ڕەگەزی نێرینە(پیاو) زاڵ و دەسەڵاتدارە بەسەر ڕەگەزی مێینە (ژن)دا ، بەواتا پاشماوەو کاریگەری کەلتوری پیاوسالاری نەک تەنیا لە دابونەریتەکانی کۆمەڵی کوردیدا، بەڵکو لەناو زمانەکەشمادا ماوە.
3. ئەم بەڕەگەزبوونەی زمانی کوردی و دەسەڵاتدارێتی پیاوە، لە ئاستەکانی (وشەو فەرهەنگ، ڕستەو دەربڕاو، واتا)دا هەیە. بەواتا تەنیا لەئاستی ڕستەو دەربڕاوی ڕۆژانەدا نیمانە، بەڵکو وەکو وشەی سازکراو و لێکسیم و یەکەی فەرهەنگیسدا هەمانە.
4. ئەم بەڕەگەزیبوونەی زمانی کوردی لەئاستی واتادا پراگماتیکیانە، بەمەبەستی بچوککردنەوەی ژن و کەمکردنەوەی توناکانیان، بەکاردێن و هاوکات بۆ تانەدان و کەمکردنەوەو بەکەمدانانی پیاویش بەکاردێن، کاتێک ئەچویندرێن بە ژن یان تایبەتمەندییەکی ژنان، وەک لە نمونەکانی بەشیدووەمدا دیاریمانکردووە.
5. لەگەڵ ئەم ڕەگەزاویبوون و باڵادەستیی پیاوەی لە زمانی کوردیدا هەیە، هێشتا هەندیک وشەو دەربراو هەن، کە پێگەو گرنگی ڕەگەزی مێ دەردەخەن، وەک پێشخستنی ڕەگەزی مێ لەو وشانەی کە ئاماژەن بۆ هەردوو ڕەگەزەکەو بەدوای یەکدا دێن ( ژنومێرد، دایکو باوک، خوشکوبرا)، کە ئەمە کەرەستەی توێژینەوەیەکی داهاتوومان دەبێت.

## سەرچاوەکان

بەزمانی فارسی

کتێب

1. پاک نهاد جبروتی، مریم (1381) فرادستی و فرودستی درزبان .تهران 0گام نو.
2. جنکیز، ریچارد.(1381)،هویت اجتماعی، تورج یار احمدي، تهران : نشر شیرازه.
3. فکوهی، ناصر.(1383)، تاریخ اندیشه و نظریه هاي انسان شناسی،تهران: نشرنی.

4. گیدنز، آنتونی(1387) تجدد و تشخص جامعه و هویت فردي در عصر جديد، ناصر موفقيان، تهران . نشرنی.
5. هولمز،ماري.(1389)،جنسيت و زندگی روزمره، محمدمهدي لبيبی، تهران: نشر. افكار

گۆڤار

1. بهرامی،رویا (1397)، تاثیر سیاسی و اجتماعی تبعیض جنسیتی بر توسعه فرهنگی در خاورمیانه و شمال آفریقا، کنفرانس ملي دستاوردهاي نوين جهان در تعليم و تربيت، روانشناسي، حقوق و مطالعات فرهنگي اجتماعي
2. زراعتپيشه، رويا، ورنامخواستی عباس شيری ، آبادی ،عليحسين نجفی ابرند، جانکی ،فيروز محمودی(1399)، کليشه های جنسيتي مؤثر بر وقوع تجاوز جنسي درمؤلفههای فرهنگ ايراني،ژوهش حقوق کيفری، دوره نهم، شماره سيودوم.
3. صادقی فسائی، سهیلا.(1389)، ضرورت نظريه پردازی در حوزهی مسائل زنان ازتحقيق تا نظريه، فصلنامه شورای فرهنگی اجتماعی زنان، سال سیزدهم شماره 50 /زمستان.
4. طالبيان يحيي ، تسنيمی علی ،بیابانناحمد رضا (1395)بررسی زبان نوشتاری زنان بر اساس نظرية گفتمان جنسيتی، فصلنامة مطالعات نظری و انواع ادبی، دانشگدة ادبيات علم انسان- دانشگای حکيم سبزاوری، سال اول،شمارة سه، تابستان .
5. فسائی ،سهیلا صادقی (1389) ضرورت نظریه پردازیدر حوزهی مسائل زنان ازتحقیق تا نظریه،فصلنامه شورای فرهنگی اجتماعی زنان،سال سیزدهم / شماره 50
6. مقدم ,نادیا غضنفری ، شريفی،دکتر آزاده ، فراشبندی رضا (2013)، تحلیلی بر جنسیت زدگی عناصر زبانی در ادب فارسی،بررسی زبانشناختی سه داستانک از صادق هدایت،موسس بين المللی پژوهش خوارزمی سانتشر
7. مقدم ,نادیا غضنفری ، شريفی،دکتر آزاده ، فراشبندی رضا تداعی منزلت زن از منظر واژگان:مطالعه ی موردی جنسیت زدگی در اقام زبان،چکیده مقالات همايش ملادی.
8. مقدم آزاده شريفی ، زادة وحيده ابوالحسنی ، تجرد سميرا (1392)، سيرجنسيت زدگی درادبيات داستانی معاصرزبان فارسی، فصلنامة مطالعات زبان و گويش های غرب ايران، دانشكدة ادبيات وعلوم انسانی، دانشگاه رازی کرمانشاه، ، سال اول شمارة اول

سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی

book

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1. Butler, Judith. (1990). Gender Trouble: Feminism and the subversion of identity, London: Rutledge
2. Schulz, M. R. (18:5). "The Semantic Derogation of Woman" in Lucy Burke,Tony Crowley & Alan Girvin ( Eds.) (2111) The Routlegde Language and Cultural theory Reader. London: Routledge
3. Spender, D. ([1980] 1990). Man made Language. London: Pandora
4. Woods, N. (1988). “Talking shop: sex and status as determinants of floor appointment in a work setting” in J. Coates & D. Cameron (Eds.). Women intheir speech communities. London: Longman.

# Gender Subversion in Kurdish language

**Asst. Lect. Alan Mohammed Awrahman**
Department of Tourism, College of Commerce, Sulaimani University, Kurdistan Region, Iraq
Alan.awrahman@univsul.edu.iq

**Lect. Farhad Tofiq Hasan**
Department of Translation, College of Language, Sulaimani University, Kurdistan Region, Iraq
Farhad.hasan@ univsul.edu.iq

**Lect. Yara Qadir Hamad**
Department of Kurdish, Faculty of Education, Koya University, Kurdistan Region, Iraq
yara.qadir@koyauniversity.org

***Keywords**: Language and gender, Gender discrimination, Cultural gender subversion, Genderizing Language. Sexism in Language, Gender Domination and Sexism in Language*

## Abstract

The research sheds light on “Gender Subversion in Kurdish language”, which highlights the dominance of male over language. For this purpose, the research is divided into two chapters; the first covers the theory of genderizing and imposition of male over language: this chapter consists of three sections. In the first section talks about the reasons that lead to linguistic distinction. Then, the second section sex is brought to light as a social/cultural composition, which shows gender is a social and

cultural phenomenon and not a biological and genetical one. In the last section of this chapter, linguistic subversion of gender is explained for how the male gender imposes his dominance over speaking and writing in language. As for the second chapter, which is the practical part of this research, illuminates examples of the four linguistic levels; they elucidate the power of male in Kurdish language. For this reason, this chapter comes in four sections. In the first part we pinpoint the dominance of male over language on lexical and dictional level with examples. The second section is dedicated to the dominance of men over language phrases and the cases they appear in with examples. The power of men over sentences and utterances are illustrated in some dominance or subversion circumstances. In the fourth and last section, male dominance over the pragmatic notions is portrayed in the fields they appear in.
In the end, we reveal the results we have achieved through the research and then highlighted the references used in the research.

**الملخص**
يبحث عن السلطة الجنسية وفرض جنس المذكر فى اللغة ولهذا قسم البحث على مطلبين ففى مطلب الأول تحدثت بصورة نظرية عن سلطة ا المذكر وانعكاسها عن اللغة وهذا المطلب قد قسم الى ثلاث مسائل ففى المسألة الأولى تحدثت عن جنس اللغة والاسباب التى تؤدى الى تحديد جنس اللغة. وفى المسألة الثانية تحدثت عن الجنس كمكون عرفى وبينا بأن الجنس فى اللغة ظاهرة عرفية وفى المسألة الثالثة تحدثت السلطة الجنسية وكيف استطاع جنس الذكر ان يتسبت فى اللغة فى حيث الكتابة والمعادة. اما المطلب الثانى فقد خصص للتطبيق وجئنا بأمثلة متعددة ومتنوعة حول هذا الموضوع فى المستوايات الأربعة وبينا كيف ان جنس المذكر قدسيطرو سيطرة تامة على اللغة وهذا المطلب قد قسم على اربع مسائل ففى مسألة الأولى تناولنا موضوع سلطة المذكر على مستوى الكلمات فى القوامص وذكرنا الجوانب التى تطهر سلطة المذكر.اما مسألة الثانية تحدثت عن السلطة المذكر على المستوى الأضافة اما المسألة الثالثة فقد خصص سلطة المذكر على المستوى الجملة, ما المسألة الرابعة وهي الأخيرة فقد خصص للسلطة الجنسية الذكرية من حيث المعنى والدلالة وفى نهاية البحث ذكر اهم النتائج التى توصل اليها البحث ثم ذكرت جمعا منالأستنجات اتى تمخض منها البحث.